# هەڵمەتی سونەکان

ئێستا لە جیهانی عەرەباندا تێڕوانینێکی بەهێزی لەمجۆرە هەیە دەڵێت: ڕژێمی ئێران پلانێکی لەبەردەستدایە بۆ ئاواکردنی هەرێمی شیعەکان. بۆ ئەم پلانەش پێویستە مانگێکی شیعە لە ئێران و لوبنان و شام و هەندێک ناوچەی ڕۆژهەڵاتی عەرەبستانی سعوودی و بەحرێن پێک بێت. بۆ کەمکردنەوەی مەترسی تیرۆری ئەم پلانە ڕێکخراوە ئیسلامییە سیاسییەکانی سوننە لە وڵاتە عەرەبییەکان کەوتنە نێو جموجۆڵ، ڕۆژانە لێدوان وکۆنگرە دەبەسترێت جگە لەو نووسینانەی کە لە دەزگا ڕاگەیاندنە نزیک لە ئیسلامی سیاسییەکان دەدرێن، هاوکات لە هەندێک(tv)یەکان دیداری لەمشێوەیە بڵاو دەکاتەوە، ئێستا لایەنێکی بەهێزی ئەو هێزە ئیسلامییە سیاسییە ئەرکدار کراوە تەنیا بۆ ئەوەی زانیاری بەدەست بخات دەربارەی ئەو لەیستۆکەی ئێران و ئیسلامی شیعە. لە کۆنگرەی ئەستانبوڵ کە بۆ پێشگیری سوننەکانی عێراق بەسترا، تورکیا دەیخواست خۆی نزیکی ئەو هێزانە بکاتەوە و کۆمەڵێک لە ئایین پەرستی عەرەبی سوننە لە عەرەبستانی سعوودی وکوێت تێدا ئامادە بوون. لە وتاری ئەو کەسانەی کە بەشداریان لەو کۆنگرەیەدا کرد بە ئاشکرا باسی پرۆژەی ئێرانیان کرد کە دەیەوێت هەرێمەکە بکاتە هەرێمێکی شیعەنشین و داوایان لە هەموو وڵاتانی عەرەب و ئوممەتی ئیسلام کرد بۆ ئەوەی لەدژی ئەو پرۆژەیە بجەنگن.

بێگومان ئەو گروپانەی کە بەشداری ئەو کۆبوونەوەیان کرد بەگشتی و بەتایبەتی لە عەرەبستانی سعوودی هیچ کاتێک ناتوانن بێ دەستووری ئەو وڵاتە و گروپە هەواڵگرییەکان بجووڵێنەوە. ئەگەر لامپی سەوزیان بۆ هەڵ نەکرابێ ئەو پیاوە ئایینییانە ناتوانن بە شێوەیەکی ئاشکرا و ئاکتیڤانە هێرش بکەنە سەر ئێران و شام و برینە کۆنەکانی نێوان شیعە و سوننە بکوڵێننەوە و زیندووی بکەنەوە.

من بڕوا دەکەم کە ئەمە بەخۆی کۆنسێپتێک بێت بۆ ئامادەکردنی رای گشتی عەرەب، پێش کودەتایی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە دژی ئێران.

پێشتریش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەکاتی شەڕی سارددا هەڵمەتێکی لەمجۆرەی لە پیاوانی ئایینی عەرەب لە دژی یەکتری سۆڤیەت بەڕێوەبرد و بەهەزاران جەنگاوەری عەرەبی بۆ(جیهادکردن لە دژی کافرەکانی روسیا ) ڕەوانەی ئەفغانستان کرد ئێستاش دەیەوێت ڕێگا خۆش بکات و بەر لەوەی کودەتایەک لە ئێران ئەنجام بدات، ئەمەش دەبێتە مایەی لێکهەڵوەشاندنەوەی پرۆژەی مەلایەکانی تاران کە دەیانەوێت هەرێمی شیعەنشین لە دژی سوننەکان دابمەزرێت، لە ڕەوشێکی وەهادا نارنجۆکی شیعەکان لەسەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تێدەچێت.

میدیای فەرمی عەرەبەکان بەتایبەتی میدیای عەرەبستانی سعوودی بایەخێکی تایبەتییان داوە بەسەرکێشی ئەو لایەنە کە خیتابی شەڕ و خیانەتیان لەدژی شیعەکان بەرز کردۆتەوە. عەرەبستانی سعوودی لەبەر ئەوەی وەک و هاوکارێکی سەرەکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەبینرێت پێشتر رایگەیاندبوو کە ئەو سوننەکانی عێراق لە بەرامبەر ئێران بە تەنیا ناهێڵێت.

وا دیارە لێدانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ئێران نزیک بۆتەوە، ئەو هەڵمەتەی سوننەکان لە دژی شیعەکانی هەرێمەکە دەیکەن، ماف دەداتە عەرەبەکان کە لەبەرەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و لە دژی ئێران بوەستن.

تاریق حەمۆ/ ئەڵمانیا
تایبەت بۆ گوڵان

